دانیشتنی سبەینێی دادگای فیدراڵی لەسەر پرسی داخستنی کەمپی ئاوارەکان لەکوردستان دەبێت

سبەینێ 31-3-2024، دادگای باڵای فیدراڵی عیراق لەبارەی دوو سکاڵای تایبەت بە هەرێمی کوردستان کدەبێتەوە کە تایبەتە بە دەسیپەی ئاوارەکان و ناردنی سووتەمەنی بۆ هەرێمی کوردستان.

بەپێی کارنامەی دانیشتنەکانی دادگای باڵای فیدراڵی، سکاڵای یەکەم، وەزیری کێچ و کێچبەرانی عیراق لەسەر سەرکی هەرێمی کوردستان و سەرکی حکومەت و وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان تۆماریکردووەو داوایکردووە، سکاڵا لەسەرکراوەکان پابەند بکات بەجێبەجێکردنی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق بۆ گەڕاندنەوەی ئاوارەکان و داخستنی کەمپەکانیان لە هەرێم.

سکاڵای دووەم، لەسەر سەرکوەزیرانی عیراق و ئەمینداری ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیری نەوتی عیراق تۆمارکراوەو نەهرە مەحمود قادر، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق داوایکردووە، بڕیار لە نادروستی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران بدرێت لەبارەی دیاریکردنی

نرخی نەوتی سپی بۆ هەرەمی کوردستان.